# بەردەوامبوونی گیرانەکان لە مەریوان

هەروەك دەزانن رۆژی دووشەممە و دوابەدوای راگەیاندنی یاسای بنەڕەتیی ئێراق خەڵکی شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش رژانە نێو شەقامەکان و ئەم دەستکەوتەیان پیرۆز کرد. خەڵك لە دواساتەکانی رێپێوانە بەشکۆکەیاندا پەیکەرەی حسەینی فەهمیدەیان لە مەیدانی شەبرەنگدا کێشایە خوارێ و کارێکیان کرد کە دوای رووخانی  حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراندا وێنەی نەبووە. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە هاوکات لەگەڵ شاردا دانیشتوانی گوندەکانی بەری زرێباریش کەوتنە خۆ و بە رێخستنی کاروانی ئۆتۆمبیل و گەڕان بە هەموو ئاوایيەکانی ئەو دەڤەرەدا ئەم بۆنەیەیان بەرز نرخاند، بەتایبەت لە گوندی "نێ" کە وێڕای دانانی ئۆرگ (سایزەر) و هەڵپەڕکێ، خەڵکی بە بەرزکردنەوەی دروشمی نەتەوەییی جۆراوجۆر ئاڵای کوردستانیشیان هەڵکردوە.

هێزەکانی رژێم کە تا ئەوکاتە نەیاندەوێرا قەرەی خەڵك بکەون لەدوای رووخاندنی پەیکەرەکە دەستیان کرد بە پەلاماردان و هەرکەسیان بەرپەل بکەوتایەت دەستگیریان دەکرد و یەکسەر رەوانەی زیندان دەکرا. تا ئێستا کە دوو رۆژ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە نزیکەی 150 تا 200 کەس گیراون کە چەند نووسەر و رۆشنبیرێکیشیان تێدایە. ئەو گیرانانە تاکوو ئێستاش هەر بەردەوامە و هەر ئەمڕۆ جیا لە هێزەکانی خودی مەریوان چوار ئۆتوبووس هێزی نیزامیی تایبەت لە دەرەوەی شارەوە هێنراونەتە مەریوان و لە شوێنە گشتییەکاندا دانراون. هەروەها حەوت دادوەری دادگایش لە تارانەوە بە  مەبەستی دادگاییکردنی گیراوەکان بانگهێشتی مەریوان کراون. جاش و خۆفرۆشەکانیش شەو و رۆژ پاسەوانیی سەرکردە خوێنرێژەکانیان دەکەن و بەنێو شاردا دەگەڕێن و دەستنیشانکردن و ناساندنی بەشداربووان لە رێپێوانەکانیان پێ سپێردراوە. تەلەفۆنەکان کۆنترۆڵ دەکرێن و لە هەرکەسێك بەگومان بن ریزبەندی ئەو ژمارانەی وا پێوەندیی لەگەڵ کردوون یان پێوەندییان لەگەڵ کردووە لە دایەرەی تەلەفۆن (مخابرات) وەرئەگیرێت. شار بەتەواوەتی حاڵەتی حکوومەتی نیزامیی هەیە و  بەردەم هەموو کۆڵان و شەقامەکان هێزی نیزامیی تێدایە،  بەتایبەت لە شەودا کەس ناوێرێت بەنێو شاردا بگەڕێت. مەزەندە دەکرێت حکوومەتی نیزامی تادوای نەورۆز بەردەوام بێت. رۆژی سێشەممەش کۆبوونەوەی (شورای تامین امنیت)ی

www.kurdistanet.org

هەموو شارەکانی ئەم پارێزگایە تا دوای نەورۆز دراوە.

رۆژی دوای رێپێوانەکەیش تەحەسوننی گشتیی مامۆستایانی قوتابخانەکان بوو بۆ داواکردنی مافە سینفییەکانی خۆیان کە ئەم رووداوەش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و لە هەر هەموو مامۆستایانی مەریوان تەنیا چوار کەس بەشدارییان تێدا نەکرد. پێبەپێی مامۆستایان خوێندکارەکانیش پشتیوانییان لە مامۆستاکانیان کرد و رەسمەکانی خومەینی و خامنەییان دڕاند و لە حەوشەی مەدرەسەکاندا دەستیان کرد بە شایی و هەڵپەڕکێ. هەندێ لە هێزەکانی رژێم رژانە نێو ئەو قوتابخانانە و لەگەڵ مامۆستایان و قوتابییاندا تێگیران بە مەبەستی تێکدانی جووڵانەوەکە، بەڵام تەحەسونەکە بە سەرکەوتنی تەواوەوە بەڕێوە چوو.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ژمارەیەکی 20 کەسی لە گیراوان رەوانەی زیندانەکانی سنە کراون و هیچ زانیارییەك لە چارەنووسیان لە بەردەستدا نییە.

www.kurdistannet.org